# له (سلێمانی)یەوە تا کرماشان

## تابوشکێنیی ژنەکوردێکی شێوەکار لە یەکەم پێشانگەیدا

سەڵاحەددین کەریمزادە
(کرماشان)

یەکەم پێشانگەی تاکەکەسیی چیناز، شێوەکاری خەڵکی سلێمانی، مانگی تەمموزی ٢٠٢٦، لە گەلەریی دەرگا، لە شاری کرماشان بەڕێوەچوو، ٣٥ بەرهەمی ئەم هونەرمەندە لاوە، لەم ڕووداوە هونەرییەدا پیشان دران، بینەران بە باشی پێشوازییان لێ کرد.

هونەرمەند کە تەمەنی تەنیا ٢٧ ساڵە، پێش ئەوەی بە شێوەیەکی جددی دەست بداتە هونەری شێوەکاری، بیری لای شیعر و هێڵکاریی بووە. وەک خۆی دەڵێ، پەروەردەی لای هونەرمەند باسم ڕەسام بووە کە دەورێکی گرنگی لە پەروەردەی هونەریی ئەودا هەبووە. پێش ئەمەش لە پێشانگەی بەکۆمەڵی هێڵکاریی بە ناوی «تعلق و تماشا»، میوانی گەلەریی دەرگا بووە، ئەو ڕووداوە هونەرییە بە هیمەتی باسم ڕەسام ڕێک خرابوو.

**پێشانگە شێوەکارییەکانی چیناز، وەک خۆی دەڵێ جۆرێک لە تابوشکێنی بوو:**

«ئەو کاتەی تابویەک دەشکێنین، ئەو کاتەیە دەبین بە خۆمان.»، ئەم تایبەتمەندییە لەلای بینەرانی بەرهەمەکانیشی هەستی پێ کرا و پەی پێ برابوو. زۆربەی بینەران بۆ یەکەم جار خۆیان لەبەردەم هەندێ بەرهەمدا دەبینییەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرخەری نهێنییە هەرە نەزانراوەکانی مرۆڤێکن، واتە لەشی مرۆڤێک بوون.

لەم پێشانگەیەدا بەرهەمەکانی بە دوو تەکنیکی ئەکریلیک و مەرەکەب لەسەر کاغەز، هەروەها گراف و لەسەر قوماش ئیشیان تێدا کرابوو. جیاوازی مەتریاڵەکان و زەمینەی بەرهەمەکان لەپاڵ گۆڕینی بارستایی و چۆنیەتی ئامادەیی فیگەرەکاندا فرەڕەنگییەکی بە کۆمەڵە کارەکە بەخشیبوو، بە بێ ئەوەی زمانی وێنەیی بپچڕێت.

### فەزایەک بۆ دۆزینەوە

لە کەتەلۆگی ئەم پێشانگەیەدا سەبارەت بە جیاوازیی ئەم دوو کۆمەڵەیە وەها نووسراوە: «بەرهەمە ڕەنگییەکانی چیناز لە تەختی وریایی هەستەوەرانە و لەو خۆناسینەدا خولْقاون کە لێی دەکەونەوە. لە بەرهەمە گەورەترەکانی چینازدا کە تازەترن، وریایی هەستەوەرانە لەگەڵ وریایی شیکارییانە تێکەڵ کراون، ئەمەش وای کردووە فیگەرەکان بگەنە تەشق، بەم جۆرەش ئەم فیگەرانە بە هێزێکی زیاترەوە لە فەزایەکی بەتاڵ

لە توخمەکانی ژینگە و ماڵەوە، کە چما تاقە شوێنی تایبەت بە ژن بێت، خۆیان دەردەخەن.»

تەجرید و ڕەهەند و دووریی، لە ڕاهاگەرایی و بنەبڕێتی لایەنی زاڵی ئەم دوو کۆمەڵە بەرهەمەیە، هاوکات دەتوانین تێیاندا جۆرێک درامای کۆمەڵایەتیش ببینین، درامێک بە پێی پێوەندی لەشەکان و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بە پێی تێپەڕین لە ڕوانینی فیزیۆلۆژیک بۆ ژن مرۆڤ-پیاو. چوار دیوارەکانی ناو ئەم بەرهەمانە، هاوکاتی ئەوەی کە دیوار و چوارچێوەن، کەچی هاوکاتیش دەبنە زەمینەی دۆزینەوە و درک پێکردنی خود لەلای بینەر.

چیناز لەم فەزا داخراوەدا، وەلێ کراوەیەدا (کراوە بە هۆی دەرگا و پەنجەرەوە) دەستی بە ئازادیی گەیشتووە و غیابی بابەتیی کردووەتەوە. بەم جۆرە، فیگەرەکانی کاتێ هیی ژنە، هیچ پێوەندییەکی بە ژنی ئایدیالەوە نییە؛ ئەو کاتەش کە فیگەرەکە لە پیاو دەچێت، لە ڕۆستەم، یان پیاوسالارێک ناچێت. ئەم لەشانە هەر لەم فەزا داخراوەدا زیاد دەکەن، هەڵدەپەڕن، تێکدەئاڵێن. شێوەکار لە خەیاڵی خۆیدا ئەم تابویانەی شکاندووە و پشت بە هێزی خەیاڵ، شێوەیان دەنەخشێنێت.

هێڵە نەرمەکان، چنراوی ڕەنگیی ئازاد، تەعبیرگەر و نەرم، کە وێڕای ئەوەی شارەزایانەن، کەچی دەکرێ بە ڕواڵەت ساویلکانە دیار بن، ڕاستییەکەی تەکنیکی تاکەکەسی و تایبەتی چینازن. جووڵەی خێرا لە دانانی هێڵ و ڕەنگدا، بە کەمترین هێڵ لە جۆری ئیکسپرسیۆنیستەکان (ناوی هونەرمەند و تیۆر داڕێژەرانی ڕەوتێکی هونەرییە کە گرنگی زۆر بە دەربڕینی هەست و سۆزی ناوەوەی مرۆڤ دەدەن، زیاتر لەوەی وێناکردنی واقیع بێ)، چرکەیەکی خەیاڵیی دێنێتە دی، ئەگەرچی خۆی دەڵێ نازانێ ئەمانە لە کوێوە هاتوون، بەڵام ئەو بە جۆرێک شهوودیان تێدەگات کە لەو چرکەیەدا



دێنە دی. «هەموو شتێک لەم شان و ئەو شانەوە، لەم لا و ئەو لاوە دێنە نێو لەشەوە، مرۆڤ لەبەردەم ئەزموونەکانی خۆیدایە، لەبەردەم کاتدایە، وەک شوێن کە لەبەردەم کاتدایە» (*). لەم بەرهەمانەدا، لێککەوتنی فەزای کات و شوێنی فیگەرەکان، تەعبیرن لە یەکێتیی زەین و بابەت.

## چەند پەڵەڕەنگێکی سنووردار

فەرهەنگدۆستان و هونەرپەروەرانی کرماشان بە گەرمی بە پیر ئەم پێشانگەیەوە چوون، هونەرمەندی کرماشانی ئیرەجی جەلالوەندی کە سەردانی پێشانگەکەی کرد، لای وابوو ئەم پێشانگەیە پوختەی فەلسەفەی هونەری هاوچەرخە و دەڵێ: «ئەو خۆیەتی و تەفسیری ئەو بۆ ژیان، ئەو هونەرەیە کە پیشانی دەدات». ئیرەجی جەلالوەند لای وایە زۆربەی هونەرمەندان تەمەنێکیان بۆ وەها مەبەستێک تەرخان کردووە، بەڵام مەرج نییە هەموویان لەمەدا سەرکەوتبێتن، کەچی چیناز ئەگەرچی گەنجە، بەڵام هەر دوو مەبەستەکەی پێکاوە. جەلالوەند ئاماژەش بە سادەیی لە کەسایەتی و ڕەفتار و تەکنیک لە کاری چینازدا دەکات و لای وایە جۆرێک پێگەیشتن لەکارەکانیدا هەیە، واتە

چیناز بە چەند پەڵەڕەنگێکی کەم و بە هەستی تێگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ و ناوخۆیی، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەڵگە و لۆژیک هەبێت، بە ئاماژەیەک لێرە و لەوێ و هەندێ هێڵ، دوور لە فرەبێژی، دنیایەکی سادە دەخوڵقێنێت.

لەم پێشانگەیەدا، زۆربەی بینەران دانیان بە دەربڕینی ئازایانەی چینازدا نا و هەندێکیان گوتیان: بە ئاشکرا خۆیان لەم بەرهەمانەدا بینیوەتەوە. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لەشی ئاسوودە، مەیلدار، هیوادار، دینامیک و ئازاد، لای زۆربەی بینەران ئەزموونێکی جیاواز بوو.

چیناز کە بۆ بەشداریی لەم پێشانگەیەدا بۆ کرماشان هاتبوو، دەڵێ کە پێی سەیر بووە ئەو هەموو بینەرەی هەبووە: «پرسیارە وردەکانی بینەرانی کرماشان زۆر بۆم گرنگ بوون. ئەوەش زیاد بکەم کە من بریسکەی شادیم لە چاوی کچانی گەنجدا دەبینییەوە. ئەوەی چما بوێریی پێ بەخشیبوون، ئەم شتە بۆ من سەیر و ئاشناش بوو.»

بێجگە لەوە، بەهرامی دەبیریی شێوەکار و سیمینی ئیکرامی پەیکەرتاش، وەک هونەرمەند ستایشی ئەم پێشانگەیەیان کرد.

## شوێنێک بۆ هونەرمەندانی پێشوو و هونەرمەندانی لاو

گەلەریی دەرگا، چالاکییەکانی خۆی لە ساڵی ٢٠١٩ و لە شاری کرماشان دەست پێ کردووە، تا ئێستە هاوکاریی لەگەڵ زیاتر لە پەنجا هونەرمەندی چەندان وڵاتی جیاواز کردووە. لەم چەند ساڵەدا چەندان پێشانگەشی لە بواری جیاوازی وەک هونەری شێوەکاری، پەیکەرسازی، وێنەگریی و هێڵکاری بۆ تاک و گرووپ بەڕێوەبردووە. لەم ساڵانەدا بەرهەمی هونەرمەندانی وەک هانیبال ئەلخاس، عربعلی شروە، بەهرام دەبیری، ئانە محەمەد تاتاری، ڕەزا هیدایەت، ندا سارمی مونفرد، باسم ڕەسام، ئیرەج جەلالوەند و هەندێ هونەرمەندی کوردی دانیشتووی وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەمریکا بەڕێوەبردووە.



گەلەریی دەرگا پێشانگەی تاکەکەسیشی ڕێک خستووە، هەندێکیان ئەمانەن: پێشانگەی هێڵکارییەکانی هادی زیائەددینی، پەیکەرە و ئەنستالاسیۆن بۆ نوشین وەدایی، بە جەخت لەسەر کلیلە و دمنە، وێنەگرییەکانی ئاکۆ سالمی، بە ئاماژە بۆ گۆڕانی کەشوهەوا لە ئێران، میلاد نیکوو لە کرماشان.

بێجگە لەمانە، گەلەریی دەرگا لەم ساڵانەی دواییدا، چەندان کۆڕی پسپۆڕانەی بۆ لێکدانەوەی بەرهەمی هونەرمەندان بەڕێوە بردووە. ئەم گەلەرییە تاکە گەلەریی کەرتی تایبەتە لە کوردستان و خۆرئاوای ئێران کە لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و گرافیک و چاپیشدا چالاکە.

گەلەریی دەرگا گرنگییەکی زۆری بە هونەرمەندانی گەنج داوە و پێشانگەی بۆ ڕێک خستوون، بۆ ئەوەی پشتگیریی بەهرە و توانایی هونەری لاوەکان بکات و لەم کارەی خۆشیدا بەردەوام دەبێت.

*** مارگریت دۆراس، کتێبی «شوێنەکانی مارگرێت دۆراس»، گفتوگۆی مارگرێت دۆراس و میشێل پۆرت، وەرگێڕانی قاسم ڕۆبین، چاپخانەی نیلووفەر، وەشانخانەی نیلووفەر.**